کوردستان نێت
KURDISTAN NET
رۆژنامەیەکی ئەلکترۆنی رۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
22-11-2007 23:15بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

**بەیاننامەی تایبەت بە هەوڵی تیرۆر کردنی سەرۆکی کۆمکاری زیندانییە سیاسییەکانی کوردستان**

بەرەبەیانی رۆژی 20-11-2007 سەرۆکی کۆمکاری زیندانییە سیاسییەکانی کوردستان (ئەحمەد مام رسول) کرایە ئامانجی تێکدەران و بکوژانی ئازادی، لە ئەنجامی تەقینەوەی ئۆتۆمبێلە مین رێژکراوەکەیەوە لە گەراجی ماڵەکەیدا لە شاری رانیە لە هەوڵێکی تیرۆرکردنی، دوای بریندداربوونی بەسووکی، خۆشبەختانە رزگاری بوو، ئێمە بێگومانین کە ئەو دەستە رەشانە هەردەم لە هەوڵی شێواندن و تێکدانی ئارامی کوردستان و لەناو بردن و پەکخستنی توێژە تێکۆشەر و ماندو نەناس و چالاکەکەیدایە، کە لەناویاندا زیندانیانی سیاسی کوردستان وەك هەوێنی شۆرش گێری رەنگی دیارە و کۆبوونەوەمان لە کۆمکارێکی یەکگرتووی هەمە رەنگ و فرەلایەن دا، بەردەوام ئەو بیر تەسك و دژە دیموکراتیانە رادەچڵەکێنێت.

ئێمە لە کۆمکاری زیندانییە سیاسییەکانی کوردستان ئەو هەوڵە تیرۆریستییە ریسواو ئەنجام دەرانی مەحکوم دەکەین و بێگومانین لەوەی ئەوانە لەگەڵ تیرۆریست و بکوژانی هیوای خەڵکی کوردستان دا ریز بەند دەبن.

هەروەها داوا لە دام و دەزگاکانی حکومەت و وەزارەتی ناوخۆ لە ناوچەکەدا دەکەین کە چاوکراوەتر بن بەرەو زیاتر پاراستنی ژیانی ئارامی هاوڵاتیان و دەست نیشان کردنی تاوانباران و بە سزاگەیاندنیان، وە بوار نەدان بە دووبارە بوونەوەی ئەو جۆرە تاوانانە لە سنوورەکەدا کە زەنگێکی مەترسی دارە بەرەو خنکاندنی ئارامی و ئاسایش و ئازادییە گشتییەکان.

لە کۆتاییدا بریارمان دوپات دەکەینەوە کە بە یەکگرتوویی، دەست لەناو دەست، بێ ووچان، لە هەوڵی بەردەوام دا دەبین بەرەو دەستەبەر کردنی ئامانجەکانی کۆمکاری زیندانییە سیاسییەکانی کوردستان، کە بەشێکی دانەبراو و کاریگەرە لە بزاڤی رزگاری خوازی گەلەکەمان.

مردن و سەرشۆری بۆ تێکدەرانی ئارامی و دوژمنانی پێشکەوتن

سەرکەوتن هەر بۆ هێزی گەلە.

دەستەی باڵای

کۆمکاری زیندانییە سیاسییەکانی کوردستان

هەولێر- 20-11-2007

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.